**Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê**
Kurdistan National Congress
**Congrès National du Kurdistan**

KNK

**Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 0032 2 647 30 84 Home Page: www.kongrakurdistan.net E-Mail: kongrakurdistan@gmail.com**

# دەوڵەتی تورك هەڕەشە و هێرشەكانی بۆ سەر ڕۆژئاوا و هەمووی كوردستان زیاتر كردووە

دەوڵەتی تورك ئامانجی خوی دیاری كردووە. بۆ لە ناوبردنی دەستكەوتەكانی گەلی كوردستان سوێندی خواردووە. كردوەكانی ئەم ساڵانەی ڕابردووی ئەم ڕاستییە بە بەرفراوانی نیشان دەدەن. لە باكووری كوردستان بەردەوامی بە وێرانكارییەكانی خۆی دەدات و وڵاتی لە گەل و ڕێبەرانی كردووە بە گرتووگە. تەنگی بە گەل هەڵچنیوە. ڕێوەبەریی دەوڵەتی تورك، بەرەی ئەردۆناغ و باخچەلی، پەرگالێكی راددەغیان دروست كردووە و تەنیا بە زوڵمی نێوسنوور ڕانەوەستاون و دەستیان بە داگیركەری لە دەرەوەی سنووریش كردووە. ئێستاش، ناوچەكانی ڕۆژئاوای كوردستانیان كردووە بە ئامانج، كە لە لایەن هێزەكانی خۆماڵییەوە بەڕێوەدەچن.

سەرۆككۆماری توركیە، ڕەجەب تەییبت ئەردۆناغ، پاش ئەوەی كە لەگەڵ شەریكەكانی، باڵیەچغ و ئەرگەنەكۆن، ڕاوێژكاری كرد، فەرمانی دا كە هەر لە كۆبانی و گرێسپییەوە بگرە هەتا سەرێكانی و دێرك، واتە هەموو ڕێڕەوی ژێر هێڵی قەتار، بخاتە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە. ئامانجیان ئاشكرایە؛ دەیانهەوێت ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوای كوردستان هەڵوەشێنن. دەوڵەتی تورك نایهەوێت گەلی كورد لەگەڵ هاوڵاتیانی لە وڵاتی خۆیدا بە ئازادی بژی. لەم بوارەدا، ئێران و هاوپەیمانانی حاكمی لە بەادغ و شام یارمەتیدەرین. خاڵی هاوبەشیان ئاستەنگكردنی ڕێی كوردانە.

هەوڵدانێكی بەم شێوەیە هەموو دەستكەوتەكانی گەلی كوردستان دەخاتە بن مەترسییەكی گەورەوە و هیچ ئەولەكاری و ئەمنییەتێكی بۆ لە گۆڕێدا ناهێڵێت. بە داگیركردنی بەرفرەی ڕۆژئاوای كوردستان لە لایەن دەوڵەتی توركەوە، باشووری كوردستانیش دەكەوێتەوە گەمارۆوە و هێدی هێدی دەخنكێندرێت. ئەوەش بە واتای ئەوەیە كە هەمووی كوردستان دەكەوێتە رەوشێكی مان و نەمانەوە.

لە سەر كێشەی عەفرین ئەوە دەركەوت كە ڕووسیە لە فكری بەرژەوەندییەكانی خۆی و هاوپەیمانی خۆی، ڕێژیمی شامە. لە هێرشی بەغدا بۆ سەر كەركووك دا، ئەوەش دەركەوت كە ئامریكاش لە فكری خۆی دایە. لە ناو حیساباتی ئەو زلهێزانەی كە لە ناوچەكە دان، كورد و كوردستانیش دەبێ بۆخۆیان حیسابی خۆیان بكەن. لە دژی هێزە تێرۆریستییەكان و هەندێك هێزی هەرێمی، ئامریكا لەگەڵ كورد لە ڕێكەوتنێك دایە. بەڵام بەداخەوە لە دژی دەوڵەتی تورك دەنگی خۆی نەرم دەكات و ئەوەش بوێری دەدات بە توركیە.

ڕەوشی هەیی لە كوردستان و بەتایبەت ئەو ڕووداوە نوێیانەی دوایین لە ڕۆژئاوای كوردستان نیشان دەدەن كە دەوڵەتی تورك هێرشكاری و داگیركەرییەكانی بەردەوام دەكات. لە دژی ئەم مەترسییە گەورەیە، ڕێوەبەریی خۆسەری ڕۆژئاوای كوردستان بڕیاری سەفەربەرییان داوە بۆ پاراستنی شوێن و وار و وڵاتی خۆیان.

كۆنگرەی نەتەوەیی كوردستان (كەنەكە) رەوشی ئێستا بە گرینگ دەبینێت و بانگ لە گەلی كوردستان و ڕێبەرانی دەكات كە ڕووداوی دوایی تەنیا بە هەڕەشە نەبینن؛ بە ڕژدی بگرنە دەست و قایمكاری پێویست وەربگرن و، پیشتیوانی لە گەلی ڕۆژئاوای كوردستان بكەن. ڕێبەرانی كوردستان دەبێ پێكەوە رەوشی ئێستا بە بەرپرسیارییەكی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ئەستۆی خۆ بگرن و، پێكەوە پیلانی پاراستنی وڵات پێكبێنن و، بە یەكدەنگی خۆیان سەرنجی ئامریكا بۆ ئەوە ڕابكێشن كە سەركەوتنی توركیە بنكەوتنی ئامریكاشە.

ڕۆژێك پاش هەڕەشەکانی ئەردۆغان، ئەوانەی ڕۆژی ١٢ی دێسامبر، فرۆکەکانی شەڕی دەوڵەتی تورك هێرشی مەخموور و شەنگالیان کرد. هاوتەریب لەگەڵ ئەمانەش، ئەردۆغان درێژە بە هەڕەشەکانی خۆی دەدات. لە دژی ئەم هەڕەشە و هێرشانە، گەلی ئێمە لەهەر کوێ کە هەن دەبێ لەسەر پێ بن.

ڕۆژ ڕۆژی مەترسییە. گەلی کوردستان، ڕێبەران و هەموو دینامۆی وڵات لە هەر کوێ بن، لە وڵات و لە دەرەوەی وڵات، دەبێ ئەم کێشەیە لە سەرووی هەموو کارێکی دیکە بگرنە دەست و خۆیان سەفەربەر بکەن بۆ ئەوەی کە ڕێ لە ئەم داگیرکەرییەی دەوڵەتی تورك بگرن.

**کۆنسەی ڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە)**

**١٤,١٢,٢٠١٨**